# دوای پرۆژەکەی بیکەر
# دەبێت سەرۆکایەتی هەرێم دادگای بکرێت

**نەبەزگۆران**



ئیدی ئەم ولاٚتەی ئێمە پێویستی بەسەرکردەیەکی بەهێزو سیاسەت زان هەیە نەك سەرکردەیەك هەرخەریکی عاتیەفەو ئامۆژگاری بێت, ولاٚتێك بەم هەموو قەیرانانەی تێی کەوتوە بەئامۆژگاری ناچێت بەڕێوە, بەبێ خوێندنەوەیەکی سیاسیانە بۆڕوداوەکانی ڕۆژهەلاٚت و ناسینی هەیمەنەی ئەمریکا ئێمە هێندەی تر دەکەوینە ناو ئاڵۆزیەکەوەکە حەتمەن بەشکست خۆمانی تیادەبینینەوە, لەم پرۆژەی بیکەردا بۆمان ڕون بویەوە ئەو هەموو قسەو بەڵێنانەی لەسەرۆکی هەرێم و ستافەکەیو مەکتەبی سیاسی ئەو دوو حزبەوە بەرگوێمان کەوت هەموویان جگەلەخەونێکی شاعیرانە هیچی ترنەبون,  بیکەر بەپرۆژەکەی خۆی پێی ووتین پیاوەکانی ناو دەسەلاٚتی کوردی ئێمە سیاسەت ناکەنو دەشتوانین تۆمەتباریان کەین بەوەی  نەك هەرسیاسەت نازانن بەڵکو گیرۆدە بوون بەدەست ئەو  گەمە سیاسیانەوە کەهەرگیزلێیان تێناگەن.

یەکێك لەو کێشانەی ڕوبەڕوی ئێمە دەبێتەوەو قەت چارەسەرنەکرداوە ئەوەیە پیاوەکانی ناو دەسەلاٚتی کوردی بەسەرۆکی هەرێمیشەوە پێیان وایە سیاسەت ئەو گەمە ( ئیعلامیە ) یە ئەمڕۆ لە گوتارو ڕۆژنامەکانەوە دەیبینن, ئیدی قەت نەهاتن خوێندنەوەیەکی جدی بۆئەو شەپۆلی ڕاگەیاندنەبکەن ئەمڕۆ هەیمەنەی ئەمریکا خستویەتیە ناو ڕۆژهەلاٚتەوە, تاکو ئەمانیش لەتەك گەمەکانی ناوگوتارەکاندا مامەڵەیەك بکەنو لەتەك سیاسەتی پشت گەتارەکانیش مامەڵەیەکی تر بکەن.

هەیمەنەی ئەمریکا سیاسەتی خۆی لەڕۆژهەلاٚتدا شەپۆلی یەکەمی  لەڕێگەی ڕۆژنامەنووسەکانەوە دەگوازێتەوە, پاشان دێت بەسیاسەتی دەرەوە تەوزیفی دەکات, بەو کۆمەڵەخەڵکەو بەو ڕاوێژکارە کلۆلاٚنەی کەسەرۆکی هەرێم هەیەتی بۆکاروباری ڕۆژنامە گەری کە توانای ووتارێکی باشیان نیە بینووسن ناتوانرێت سیاسەتی ئەمریکا بەدیوە ڕاگەیاندنەکەیدا  ئاشکرابکرێت, دیارە  ئەو سیاسەتەی ئەمریکا  لەتەك کوردا دەیکات سیاسەتێکە لەگوتاری ڕۆژنامەگەری تێناپەڕێت, هەڵبەتە دوور لە غیرەی پیاوە بەناو سیاسیەکانمانەوە ئێمە وەك کورد دڵنیابووین کەدۆستمان نیە, بەلاٚم ئەو

پیاوانەی دەسەڵاتیان بەدەستەیەو خۆیان بەسیاسی دەزانن‌و هێشتا ووشەیەکی سەردەمی ئەفلاتونیشیان نەخوێندوەتەوە نە خوازەڵا سیاسەتی ئەمڕۆی هەیمەنەی ئەمریکا, دەیانەوێت پێمان بڵێن کەئەمریکا دۆستمانە, لەکاتێکدا قەت پێیان نەووتین دۆستایەتی ئێمە لەتەك ئەمریکا لەچ ئاستێکدایەو بەرەو چ ئاقارێکمان دەبات؟

ئایا هیچ دیکۆمێنتێك لەنێوان ئێمەو سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا مۆرکراوە؟ ئایا ڕێگەیەکی یاسایی بۆکورد چۆڵکراوەتا ئایندەی خۆی ببینێت؟ دۆستایەتی ئێمە وەك کورد لەتەك ئەمریکادا لەئاستی تاکەکەسدایە یان دۆستایەتیەکە لەتەك سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا؟ئەمانە کۆمەڵێك پرسیارن سەرۆکایەتی هەرێم خۆی لەقەرەیان نادات‌و بەپرسیاری جەرگ بڕیان تەماشادەکات‌و وەڵامێکی قایلکەری نیە تا دڵی هاونیشتیمانیانی کورد ڕازی بکات بۆیە قەت ناتوانێ خۆی لەوەڵام دانەوەیان بدات.

وەڵێ ئەم پرڕۆژەیەی بیکەر جارێکی تر دیوەڕاستەقینەکەی ئەمریکا بۆ ئێمەی کورد دەرخستەوەو لەوە تێگەیشتین نە ئەمریکا دۆستی کوردەو نە سەرۆکایەتی هەرێم لەمانای سیاسەت حاڵی بوون, ئەمریکا بیکەری هەیە بەپرۆژەیەك ڕۆژهەڵات هەڵدەوەشێنێتەوەو ئاراستەی هەموو گوتارەکان دەخاتەوە ناو ماڵی ئەمریکا, بەڵام کورد لەم حاڵەی کەسەرۆکایەتی هەرێمی هەیە کێی هەیە تا پرڕۆژەی هەبێت بۆگۆڕینی ئەم پرۆژەیەی بیکەر؟! سەیرکەن بیکەرێکی خانەنشین‌و پیر بەچەند خاڵێك خەونی میلەتێك زیندەبەچاڵ دەکات, سەرۆکایەتی هەرێمیش بەهەموو دۆڕانەکانی خۆیەوە کەتوشی بوە تازەبەتازە هەڵوێست دەنوێنێت, لەکاتێکدا دەبوایە پێش پڕۆژەکان بەجۆرێك مامەڵەی بکردایە ئەمریکای ناچاربکردایە پرۆژەکانی ئەمان قبوڵ بکات نەك جاوەڕێبکەن تاپرۆژەیەك بێت‌و ئەمان هەڵوێست وەرگرن, بەدبەختیەکەش ئەوەیە دوای پرۆژەکە هەندێك لەوبەرپرسانەی سەرۆکایەتی هەرێم کە هیچ دۆستایەتیەکیان لەگەڵ سیاسەتدانیەو حەرفێکی باش لەدەمیانەوە لەبارەی سیاسەتەوە بەدی ناکرێت دێنەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان‌و خۆیان دەکەن بەپاڵەوان بەسەر ئەم خەڵکە بەستەزمانەی کوردەوە وادەزانن ئەم خەڵکە بیکەرە, ئەوەندە گوناهن پێیان وایە باجی هەڵەو نەخوێندنەوەکانی خۆیان بە هەڵوێست وەرگرتن قەرەبودەکرێت, لەوەش کارەساتر شێخی دیوەخانێك دەهێنن باس لەسیاسەت دەکات‌و بەقەولی خۆی وەڵامی بیکەردەداتەوە کەمن دڵنیام ئەو شێخە پرۆژەکەشی نەخوێندوەتەوە, بۆیە بەو شێوەکلۆڵیە سەری‌زمان‌و بنی زمانی هەرهەڵوێست وەرگرتن بوو, باشترێك نیە لەبری ئەو خۆبەپاڵەوان پیشاندانە چاوێك بەسیاسەتی خۆماندا بخشێنین؟! دیارە من لێرەدا لەسەر خاڵ بەخاڵی پرۆژەکەی بیکەر قسەناکەم, تەنها لەسەر یەك حاڵەت قسەدەکەم کە دەزگا ڕاگەیاندنەکانی پارتی بڵاویان کردەوە ئەویش پەیوەندیە تەلەفۆنیەکەی سەرۆکی هەرێم‌و بیکەرە, پاشان دێمە سەر ئەوەی ئێمە لەسیاسەتدا چەند گوناهین‌و بەرەو چ قەیرانێك دەچین.

ڕاگەیاندنەکانی پارتی بلاْویان کردەوە کە گوایا ( بیکەر بە سەرۆکی هەرێمی ڕاگەیاندوە کە لەپرۆژەکەیدا ڕەچاوی کوردستان دەکات و بڕیاریش نەبوە پرۆژەکەی بەو شێوەیە بێت ) ئەمە ئەو قسەیە کە عەیبوعارێکی زۆرمان بۆدەردەخاتو پێمان دەڵێت سیاسیەکانی ئێمە تاکوئێستەش پێیان وایە سیاسەت دۆستایەتیو خوان ڕازاندەنەوەیە, لەوانەیە بیکەر وەك خۆی کە تاکێکی ئەمریکیە دۆستی کورد بێت, بەلاْم کاتێك بەرپرسیاریەتێکی سیاسی دەخرێتە سەرشانی ئیدی ناتوانێت ئەم دۆستایەتیە بکاتە مەحەکی پرۆژەکەیو هەرچی عاتیفەی هەیەدەربارەی نەتەوەکانی ناو عێراق بەکوردیشەوە فڕێی دەداتە دەرەوەو تەنها بیرلەوە دەکاتەوە دەوڵەتەکەی کەئەمریکایە چۆن لەڕۆژهەلاْتدا سەردەکەوێت, بەلاْم دڵنیام سەرۆکی هەرێم ئەم پەیوەندیە تەلەفۆنیەی بەهەند وەرگرتوەو پێی وابوە لەتەك دۆستێکی خۆیدا قسەدەکاتو هەرگیز نەیزانیوە سیاسەتی ئەمڕۆی هەیمەنەی ئەمریکا دۆستایەتی ناکاتو بەرژەوەندیەکی خۆی ناخاتە مەترسیەوە لەبەر خاتری پەیوەندیەکی تەلەفۆنی.

کێشەی ئەم سەرۆکەی ئێمەئەوەیە تاکوئێستەش سیاسەتو میوانداریو دۆستایەتی پێکەوە تێکەڵ دەکات, بەلاْم دوای ئاشکراکردنی پرۆژەکەی بیکەر کە کوشتنی کوردە ئیدی سەرۆکی هەرێم بۆپاك کردنەوەی خۆی دێت پەیوەندیە تەلەفۆنیەکە ئاشکرادەکات, هەڵبەت ئاشکراکردنی ئەم پەیوەندیە تەلەفۆنیە سەرۆکی هەرێم دەخاتە بەردەم کۆمەڵێك پرسیارەوە, ئەویش ئەوەیە باشە بۆچی کاتی خۆی خەڵکت ئاگادار نەکردەوە کە بیکەر پرۆژەیەکی بەدەستەوەیەو لەوانەیە مەترسی بۆکورد هەبێت؟ تائەوکات ئێمەش وەك کورد لەپشت گوتارەکانی تۆوە بڕژاینەتە سەر شەقامەکانو وەك پاڵ پشتیەك بۆگوتارەکەت مەترسیەکمان بخستایەتە دڵی بیکەرە ئەمریکیەکانەوە؟ و ئێوەش وەك سەرۆکایەتی هەرێم لەڕێگەی دۆستەکانتانەوە لەناو کوتلەی دیموکرات خوازەکانی ئەمریکا مەسەلەکەتان بەرەو ئاراستەیەکی تربببردایە؟ ((( لەگەڵ ئەوەشدا تائەم حاڵەتە بەکار هێنانی کوتلەی دیموکرات خوازەکان بۆ لاوازکردنی ئەو پرۆژەیە باشترین خەیارە کورد دەستی بۆببات ))) ئەی باشە کاتێك قسەت لەگەڵ بیکەر کرد بۆچی خەڵکت لەو پێشهاتە سیاسیە ئاگادارنەکردەوەو تاحاڵی بین ئێمە پەیوەندیەکانمان بەهێز بوە لەتەك ئەمریکادا یان لاواز؟

یان جەنابی سەرۆکی هەرێم, خۆ ئەمە مەسەلەی گەندەڵی نیە تابیاْگابیت؟ ئەمە کاری تۆیە کەدەبوایە هەستت بەمەترسیەك بکردایە بەرانبەر ئەم پرۆژەیە؟ بەلاْم ئێمە نەمانزانی ئایا بیکەر تەلەفۆنی بۆ سەرۆکی هەرێم کردوە یان سەرۆکی هەرێم تەلەفۆنی بۆبیکەر کردوە؟ چونکە لەکردنی تەلەفۆنەکان خوێندنەوەکانیش دەگۆڕێنو لەبەر ئەوەی ئێمە زانیارەیەکمان لەبەردەمدانیە لەوبارەیەوە دەبێت بێدەنگی لێبکەین, چونکە لەسیاسەتو کاری دیبلۆماسیدا ئەم جۆرەتەلەفۆنانە ئەگەر بۆنمونە بیکەر بۆسەرۆکی هەرێمی کردبێت خوێندنەوەیەکی تایبەتی بۆدەکرێت وە ئەگەر سەرۆکی هەرێم بۆبیکەر کردبێتی خوێندنەوەیەکی تر هەڵدەگرێت.

بەلأم ئەگەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا کار بەم پرۆژەیە بکات, حەتمەن دەیشیکات, ئێمە وەك کورد لەبەردەم مەترسیەکی تری شکستدا ینو قورسایی ئەو مەترسیەش بەدەرەجەی یەك دەکەوێتە سەر شانی سەرۆکی هەرێم,چونکە ئەوە سەرۆکی هەرێمە ئەمڕۆ تەحەکوم بەسیاسەتی دەرەوەی کورد دەکاتو زۆربەی پەیوەندیەکانی کورد بەدەرەوە لەڕێگەی تەلەفۆنەکەی ئەوەوە دەست پێدەکاتو کۆتایان دێت.

بەلأم تۆبلێیت سەرۆکی هەرێم بەوستافەوە کەهەیەتی چاوەڕێی ئەوەی لێبکرێت ئەم پرۆژەیە هەلوەشێنێتەوەو جارێکی تر گەمەکان بخاتەوە بەردەم چەمۆلەی کورد؟ئەمە لای هەمووومان ڕوونە سەرۆکایەتی هەرێم توشی نەخۆشی نەبونی سیاسەت شوناس بوەتەوە, گەر وەك ڕۆژنامەنووسێك یان سیاسەت زانێك یان هاولأتیەك بتەوێت بچیت بۆسەرۆکایەتی هەرێمو داوابکەیت سیاسیەکی ئەمریکا شوناس ببینیتو پرسیاری ئاراستەکەی سەبارەت بەسیاسەتی ئەمریکا دەرهەق بەکورد هەرگیز ناتوانی بیدۆزیتەوە, واتە سەرۆکایەتی هەرێم تائێستەش ئەمریکا شوناسێکی تێدانیە ڕاپۆرتە ڕۆژانەیەکانی خۆی بەتێبینیەکانەوە بخاتە بەردەم سەرۆکی هەرێمو ئەویش سیاسەتی نوێی ئەمریکا بە کورد لەڕێگەی گوتارەکانیەوە بەخەلکی بناسێنێت, وەهێشتا لەو سەرۆکایەتیە گروپێك دروست نەبوە بەس کاریان ئەوەبێت سیاسەتی ئەمریکا بخەنە ژێر لێکۆلینەوەو ئاراستەکانی دەست نیشان بکەن, ئەم قەیرانی نەبونی سیاسیە لەم سەرۆکایەتیەدا دەمانخاتە ئەو حالەتەی بلێین: ناسینی سیاسەت لەم سەرۆکایەتیەدا تەنها پەیوەندی بەمیوانداریو خوان ڕازاندنەوەوە هەیە لەتەك دۆستە ئەمریکیەکانیاندا بەتایبەتی مارێنزو ژەنەڕالە سەربازیەکان.

بەدیوێکی تردا بۆئێرانو بۆ سوریاو تورکیاش هەمان شتە, واتە سەرۆکایەتیەکی تۆکمەو سیاسەت زانمان نیە بەلکو کۆمەلێك کارەکتەرمان هەیە هەرخەریکی میواندارین,خۆناشکرێت بەم دیوانە لاوازەوە سیاسەتیش بگۆڕێت بۆبەرژەوەندی کورد, کاتێکیش دەستەی سەرۆکایەتی لاواز بوون لەناسینی سیاسەتەکانی دەرەوەی کورد حەتمەن سەرۆکی هەرێمیش تووشی ئەو قەیرانەدەبێت کەناتوانێ هیچ تەحەکومێك بکات, چونکە ڕاپۆرتەکانی بەردەمی هێندە پڕزانیاری نین تاوای لێبکەن لەئاستی بەئاگایەوە قسەبکات, بەردەوامیش کێشەی ئەم سەرۆکە ئەوەیە دەیەوێت بوەستێت تاڕوداو ڕودەدات پاشان بڕیار بدات.

لەهەر شوێنێك ستافی کارکردن لاواز بوو بەڕێوەبەری ئەو ستافەش لاوازە, ستافەکە سەرۆکی هەرێمیش ئەوەندە کلۆلن لەناسینی ئەمریکادا هێشتا شاعیرانە سەیری ڕوداوەکان دەکەن, باوەڕیش ناکەم بەو کۆمەلە سۆفستایەی دەوروبەری سەرۆکی هەرێم بمانەوێت لەسیاسەتی ئەمڕۆی جیهانو گەمەکانی ئەمریکاو دراوسێکان سەرکەوتن ببینین, وەتاکو ئێستەش ئەو ستافە جگە لەسەفسەتە نەیانتوانیوە سیاسەتمان بۆبکەن, ماوەیەك بەرلەئێستە یەکێك لەو ستافە لەڕۆژنامەیەکی حزبیدا ووتی( لەسەدا نەوەد کێشەکانی کوردمان چارەسەرکردوەو بەم زوانەش کەرکوك دەگەڕێتەوە

سەرکوردستان) بەڕاستی ئەم قسەیە زۆر فەنتازیە, لەوانەیە ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسیەوهاوکاری سەرۆککی هەرێمە دڵخۆش بوبێت گوتارێکی باشی داوە, من هیچ گومانم نیە ئەو بەرپرسە حەرفێك لەسیاسەت تێنەگەیشتوە بۆیە بەو شێوەیە قسەدەکات, ئەوەتا ئەمڕۆ ئەو ئەمریکایەی بەقەولی سەرۆکایەتی هەرێم دۆستی کورد بوو جارێکی تر بەکوردی ووتەوە تۆزۆر لەبەرژەوەندیەکانی من بچوکتری‌و هەرکاتێکیش بمەوێت توشی شکستت دەکەمەوەو من دۆستی تۆنیم وەك ئەمریکا بەڵکو بەرژەوەندی کۆمان دەکاتەوە ئەویش لەچەند شوێنێك.

لەهەموو حاڵەتێکدا سەرۆکی هەرێم گوناهبارە بەئاشکرانەکردنی ئەو بڕیارانەو بەئاشکرانەکردنی دوژمنەکانی کوردو بەو نائومێدیەی توشی کوردبوەو ئەو دەیەوێت بیشارێتەوە, وەئەگەر ئەمجارە تووشی هەر شکستێك ببین لەئەستۆی سەرۆکی هەرێمدایە, وەپێویستیشە دادگایی بکەین لەهەرشکستێك کە بەهۆی سیاسەتەکانی ئەوەوە توشمان دەبێت, دادگایەك کەبەستافەکەی خۆیدا بچێتەوەو بە بێدەنگی نەکردن لەو جۆرەسیاسەتە دادگایی کردنەکەی خۆمان دەست پێبکەین‌و هەوڵبدەین لەڕێگەی ڕەخنەگرتنێکی دادگایی گەرانەی سەرۆکی هەرێمەوە ناچاری بکەین ستافەکەی تۆکمەبکات‌و بتوانێت هێندەبەهێز ببێت لەبری بیکەر ستافەکەی ئەو پرۆژە دابنێن بۆ ئاسایی کردنەوەی بارگرژی عێراق, وەئەگەر ئەمەشیان پێنەکرێت هیچ نەبێت بتوانن کورد لەمەترسیەکان ڕزگاربکەن‌و بەهۆی نەخوێندنەوەیان توشی قەیرانێکی ترمان نەکەن.